**کۆمیسیۆنی خەڵاتی جەمال نەبەز**

**نامەی خەڵاتکردن**

ەرلین، 20ی مارچی 2025

کۆمیسیۆنی خەڵاتی جەمال نەبەز، سەر بە دەزگەی جەمال نەبەز لە بەرلین، بە شانازییەوە ڕایدەگەیەنێت کە وەک ڕێزلێنانێک بۆ هەوڵە ئەکادیمییە دیار و بەرچاوەکانی لە بواری توێژینەوە لەسەر کورد و بەتایبەتی لەسەر ئێزدییان، خەڵاتی جەمال نەبەز بۆساڵی 2025 پێشکەش بە خانا ئۆمەرخالی دەکات.
ئۆمەرخالی وەک توێژەرێکی پێشەنگ لە بواری توێژینەوە لەسەر ئێزدییان، دەورێکی بەرچاوی لە پێشخستنی تێگەیشتن لە ئایینی ئێزدی و نەریتە زارەکییەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێزدی هەبووە. بەبەڵگەنامەکردنی سیستەماتیک و ڕێکوپێکی دەقە پیرۆزەکانی ئێزدی و شیکاریی وردبینانەی گواستنەوەی نەریتە زارەکییەکان بۆ نووسراوە و دەق، ئاستێکی ستانداردی نوێی لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئێزدییان بەدی هێناوە و دامەزراندووە، و کارەکانی کردووەتە ژێدەرێکی زۆرگرنگ بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو کە ناکرێت گوێیان پێ نەدرێت.

هەروەها، هەنگاوە زانستییەکانی لە بواری ڕێزمانی کوردی و پێکهاتەی زمانەوانیی کوردیدا تێگەیشتنمانی لە چۆنێتیی بەکارهێنانی زاری کورمانجیی کوردی لە هەردوو بەستێنی ئایینی و سێکولاردا قووڵتر کردووەتەوە. وەک مامۆستای زانکۆی جۆرج ئۆگەستی گوتینگێن و زانکۆی ئازادی بەرلین، دەورێکی سەرەکیی لە فێرکردن و بڵاوکردنەوەی زمان و کولتووری کوردی و هاوکات لە پێشخستنی سەرچاوەکانی زمانناسی و زانستی وانەگوتنەوەی زاری کورمانجیدا هەبووە.

هەوڵ و ماندووبوونی بێوچانی ئۆمەرخالی بۆ پێشڤەچوونی ئەکادیمی و دەروەستبوونی بە پاراستنی نەریتەکانی ئێزدییان، دەنگی ئێزدییانی بەرزتر کردووەتەوە و ڕۆشنایی خستووەتە سەر ئەو خۆڕاگرییەی لە هەڕەتی چەوساندنەوە، تەنگپێهەڵچنین و جینۆسایددا هەیانبووە. کارەکانی ئەو توێژەرە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر گوتاری ئەکادیمی هەبووە، و بەم پێیەش کۆمیسیۆنی خەڵاتی جەمال نەبەز بە شانازییەوە خەڵاتی ئەمساڵی پێشکەش بە خانا ئۆمەرخالی دەکات.

.

حاجی ئاکمان،
پرۆفیسۆر
بەشی ئارکیۆلۆژی، مێژوو، خوێندنەوە کولتوورییەکان و ئایین،
زانکۆی بێرگێن.
نەرویج،
بە نوێنەرایەتی کۆمیسیۆنی خەڵاتی جەمال نەبەز
بەرلین، 20ی مارچی 2025